# هەڵوێستی عەرەبانەی جەلال تاڵەبانی

شاخەوان شۆڕش

لەڕۆژی 23 ی ئاگۆستی 2003 دا جەلال تاڵەبانی لەگفتووگۆیەکی ڕادیۆییدا کە لەگەڵ ڕادیۆی ئێ. بی. سی. ی ئوستورالیایی کردوویەتی، سەبارەت بە ئیسراییل گوتوویەتی؛ "گەر ئیسراییل لەناوچە داگیرکراوەکاندا نەکشێتەوە، ئەوا ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی عێراقی هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ ئەوان دروست ناکات"، هەر لەهەمان گفتوگۆدا دەڵێ؛ "دەبێ ئیسراییل ڕەچاوی داخوازیەکانی بەڕێز خاوەنشکۆ شا عەبدوڵای شای سعودیای عەرەبی بکات، گەر ئیسراییل ئەم داوایانە جێبەجێ بکات، ئەوا عێراقیش وەک وڵاتە عەرەبیەکانی تر ئامادەی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسراییل دەبێت". لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ؛ "گەر حکومەتی نوێی عێراقی دامەزرا، ئەوا دەبێتە ئەندام لەڕێکخراوی کۆمەڵی عەرەبی، کۆمەڵی عەرەبی بڕیاری خۆی سەبارەت بەڕێکەوتنەوە لەگەڵ ئیسراییلدا هەیە". دیارە قسەی تریش دەکرێن. .

بەبیستنی ئەم وتانەی جەلال تاڵەبانی گەلێ پرسیار خۆ قیت دەکەنەوە، لەوانە؛ ئایا لەسەر نوێنەرانی کورد لەئەنجومەنی بەڕێوەبردنی عێراقیدا پێویست نییە لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی کورد هەنگاو بنێن و بدوێن؟ ئایا نابێ تاڵەبانی وەکو کوردێک لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد قسە بکات؟ ئایا گەر هاتوو عەرەبەکانی ئەنجومەن هەر بڕیارێکی عەرەبانەیان سەبارەت بە فەڵەستین دا، دەبێ کوردەکانیش بێ یەکو دوو ئەشهەدووی بۆ بکەن؟ ئایا بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد و عەرەب وەکو یەکن؟ ئایا نابێ کوردەکان هەڵوێستی جوداو کوردانەی خۆیان لەبوار و بابەتە جیاجیاکان بەعەرەب و هەموو خەڵکی دیکە بگەیەنن و پیشانی بدەن کەئەوان جیان و بیرکردنەوەیان جیایە و وابەستەی بەرژەوەندی نەتەوایەتی کوردن؟ ئایا نوێنەرە کوردەکان بۆ ئەوە چوونەتە ئەنجومەن گوزارشت لەداخوازیەکانی نەتەوەی کورد بکەن یان دڵی نوێنەرانی عەرەب و وڵاتانی عەرەبی ڕاگرن؟! ئایا ئەم عەرەبایەتی کردنەو دڵسۆزی بۆ عەرەب نواندنە بۆچی؟

پاشان تاڵەبانی لەوتەکانیدا هیچ گومانێک بۆ عەرەبایەتی وڵاتی عێراق ناهێڵێتەوە، کەوایە ئەی چۆن داوا دەکەن "عێراق لەنیشتیمانی عەرەبی جیابکرێتەوە"؟! ئەی ئەوان چۆن دەڵێن عێراق نیشتیمانی کورد و عەرەبە؟! ئایا ئەمە چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان نییە؟

پاشان بۆ دەبێ کورد هەمان هەڵوێستی دوژمنانەی عەرەبیان بەرامبەر بەئیسراییل هەبێ؟ لەبەرچی دەبێ کورد هەمان هەڵوێستی عەرەبیان دژی ئیسراییل هەبێت؟ ئایا ئیسراییلە هەوڵی توانەوەی کورد دەدات؟ ئایا ئیسراییل کوردستانی داگیرکردووە یان عەرەب و تورک و فارس؟! ئەی بۆ ئەو داوا لە تورکیا و ئێران و سوریا ناکات کوردستان بەجێ بهێڵن، یا داوایان لێ ناکات دان بەمافی کورد دابنێن، یا بەلایەنی کەم داوایان لێ ناکات دان بەبوونی کورد دابنێن؟

پاشان تالەبانی نابێ بیر لەهاوپەیمانیەتی ئەمەریکا و گرنگی ئیسراییل بۆ ئەمەریکا بکاتەوە؟ ئاشکرایە هەوڵی زۆری ئەمەریکا لەناوچەکەدا بۆ چاککردنی پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و ئیسراییلە. کورد چۆن دەتوانێ هاوپەیمانێکی باشی ئەمەریکا بێت، گەر ڕەجاوی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا نەکات، یا یارمەتیدەر نەبێت؟ ئایا بەرژەوەندی کورد لەوەدایە ئەمەریکا و ئیسراییل لە کورد تورە بکرێن؟ لەبەرچی دەبێ ئیسراییل بکرێتە دژی کورد؟

24 .8 .2003

**دانیمارک**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.